# پرنسیپی ئەربانیزمی نویٚ وسودەکانی

# لە گەشەسەندنی شارەکاندا

هەموو ئەو کەسانەی سالآنێك دوورن لە شارێك یا گۆمەلگایەك ،وە جارێکی تر سەردانی دەکەنەوە، هەست بە نامۆیی و گۆڕان ئەکەن لەو شوێنەدا لە ڕووی ژیانی کۆمەلاتی و ئابووری و فەرهەنگی و ژینگەیی یەوە،کەم و زۆری ئەم هەست کردنەش پەیوەستە بە سالآنی دووری و گەورەیی ئالوگۆڕەکان و پسپۆری کەسەکەوە گورانەکان ئەکریٚ پۆزەتیڤ بن و نامۆییەکان لە ماوەیەکی کورت دا بڕەوێنەوە یا نێگەتیڤ بن و نامۆییەکان بەرەو خەمۆکی و سترێست بەرن .

ئەمڕۆ لە کوردستان دا بە ئاشکرا گۆڕانکاریەکانی ئەم چەند سالەی دوای ۲۰۰۳ بەدی ئەکریٚ و شێوەیەکی تری بەخشیوە بە کۆمەلگای کوردی، بە جۆرێك کە هەموو جومگەکانی ژیانی گرتۆتەوە و لە زۆر لایەنیشەوە بە تەواوەتی نامۆ بووە ،نەك هەر بۆکەسانی دوور وولات بەلکو بۆ ئەو کەسانەش کە لە ناو کوردستان بوون ، بیٚ پلانی خانوو شەقام و بالەخانەکان بەڕوونی ئەبینی و مرۆڤـ چاوی ماندوو ئەبیٚ لەبینینی ئەو دیمەنە نامۆو نەگونجاوانە و جەستەو ڕوحی ئازار ئەدا و شەکەت و هیلاکی ئەکا، بەجۆرێك کە ئەم ئازار و شەکەتیە بەڕووی هاولاتیانەوە دیارەو لە هەلسوکەوتی ڕۆژانەدا بەدی دەکریٚ.

ئەم پێشەکیە کورتەم تەنها بۆ ئەوەبوو کە ئێمەی ئەندازیاران هەلۆێستەیەك بکەین و لە هەموو کات زیاتر گرنگی پلان دانان و نەخشە کێشان بۆ شارەکان بە هەند وەربگرین.

ئیدموند باکون (<u>Edmund Bacon</u>) لەکتێبی (<u>Design of Cities</u>) دا ئەلیٚ : بونیاد نانی شار یەکێکە لە گەورەترین دەسکەوتەکانی مرۆڤـ . دیزاین کردن و پلان دانان بۆشار ڕایەلە درووست دەکات لە نێوان خەلك و شوێنەکان، جولەو فۆرمی شارستانی(<u>Urban Form</u>) ، بینا دروست کراوەکان و سروشت، بەشداری ئەکا لە ڕێکخستن و دیزاینی بیناکان،شوێنە گشتیەکان،سیستەمی گواستنەوە، خزمەت گوزاری،شوێنە خۆشی بەخشەکان .

دیزاین دانان بۆشار بریتیە لە پرۆسەی پێدانی فۆرم،شێوە،کارێکتەر بەسەرجەم بیناکان بۆ هەموو گەڕەك و شار،یان ئەو چوارچێوەی کارەیە کە فەرمان بە یەکەکان ئەکات بۆ ئەوەی ببێت بە تۆڕێك

لەشەقام و گۆڕەپان و بلۆك (Blocks) تا گونجاوو سەرنج ڕاکێش بن و وێنەیەك هەبێت بۆ ناوچەکە، تا بتوانرێت هەموو سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان بخەیتە خزمەت بەدیهێنانی ئەو وێنەیە.

ئەو وێنەیە لە وولاتە پێش کەوتوەکان دەمێکە گرنگی پێ دراوەو هەنگاوی گەورەیان ناوە لەو بوارەدا ،بۆ نموونە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاتر لەسەدەیەك تێ پەڕیوە بەسەر یەکەم کۆنفرانسی نەتەوەیی یا نیشتمانی بۆ پلان دانانی شار کەلە ساڵی ١٩٠٩ بەسترا ( US First National Conference On City planning) کۆنفراسەکە بەم ڕستانەی(Olmsted Jr) دەستی پێکرد: پلان دانانی شار هەوڵە ،لەبری خەڵکی شار ،بۆ کۆنترۆڵ کردنێکی باش بەسەر گەشەکردنی ژینگە ماددی یەکەیاندا بەگشتی (Physical Einvironment) . بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی سەرهەڵدانی پلان دانان بۆشار لە ئەمەریکا سەیری ئەم کتێبە بکە:( The Birth of City planning in the United States by Jon A Peterson)

دوای شەڕی جیهانی دووەم گەشەسەندنێکی خێرای ئابووری لە جیهاندا ڕوویدا ،شارەکانیش فراوان بوونێکی گەورەیان بەخۆوە بینی بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان و ئۆتۆمبێل و بیناکان بەجۆرێك کە بەتەواوی ژیانی مرۆڤـەکانی گران کرد و ژینگەشی بەرەو پیس بوون برد،بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بزاوت و جولانەوەیەکی نویێ بەناوی نیو ئەربانیزم(New Urbanism).

## ئەربانیزمی نوێ(New Urbanism)

ئەربانیزمی نوێ جولانەوەیەکی پلان دانانی شار یا شارستانییە کەهانی دروست کردنی گەڕەکەکان ئەدات بە جۆرێك خەڵك زیاتر بە (پێ )بڕواو خانووبەرەو کاری جیاوازیشی تیابێ ، وە شاروشارۆچکەکان لە پلانی گەشەسەندن دا، کەمترین زیان بە ژینگە بگەیەنن.

ئەم بزووتنەوەیە لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەری هەڵداوەو پەیوەندیەکی نزیکی بە ژینگەپارێزی و ناوچەپارێزیەوە هەیە.ڕێکخراوی سەرەکی ئەم ڕەوتە لەساڵی ١٩٩٣ لە ئەمەریکا لەلایەن چەندئەندازیارێکی تەلارسازیەوە دامەزراوە بەناوی ( Congress For the New Urbanism)CNU ، هەرلەوساڵەشدا یەکەم کۆبونەوەی لە(فەرجینیا) بەست،لەو کاتەوە تا ئێستا ٢٠ ساڵە کۆنفراس دەبەستن و چالاکی بەردەوامیان هەیە لەپێناودروستکردنیبیناوگەڕەك

وهەرێمەکان کەکوالێتی بەرزی ژیانفەراهەم و دەستەبەرکات بۆ هاولاّتیان،لە کاتێکدا ڕێزی ژینگەی سروشتی دەگرێت.

شار لە سەدەی بیست و یەکەمدا ڕوبەڕوی چالێنجی گەورە بۆتەوە، وەك جەنجالّی گواستنەوە، تێکچونی ژینگە، زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان .لە گەلّ ئەمانەشدا دروست بوونی چینایەتی کۆمەلاّیەتی و ئابووری ،لە هەمووش خراپ تر کۆچی گوندنشینەکان بۆ شار لە ولاّتە تازە گەشەکردوەکاندا ،کەوا چاوەڕوان دەکریّ لە بیست سالّی داهاتوودا ژمارەی شارنشینەکان بگاتە پێنج ملیار کەس ،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەرك و پالّەپەستۆیەکی گەورە لە سەر سیستەمی گواستنەوە و خانوو بەرەو ئنفراسترەکچەری (Infrastructure)شارەکان وەك (ئاو ،زێراب ،کارەبا،.........) جا ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن شارەکانمان ڕزگار دەکەین ؟ چۆن هاوسەنگی لە نێوان بەکارهێنانی سەرچاوەکان و گەشەکردنی نەوەکانی داهاتوو دەکەین ؟ چۆن و لە کویّ وە پلان دانانی شارستانی وێنا و چارەسەری هەموو ئەو گرفتانە دەکات بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەوانەی باس کرا، بۆ بەرز کردنەوەی ئاست و ستانداردی ژیان و دروست کردنی شوێنی باش تر و گونجاو تر بۆ ژیان .

لەم ڕوانگەیەوە برنسیپی ئەربانیزمی نویّ (<u>New Urbanism</u>) هەولّ ئەدابۆ بەئەنجام گەیاندن و جیّ بەجیّ کردنی ئەم خالاّنەی خوارەوە :

**١. ڕۆیشتن بە پیّ <u>Walkability</u>**

–ڕۆیشتنی بەپیّ لە مالّ و ئیشەوە بۆ زۆربەی پێویستیەکان بە (٥–١٠) خولەك (بازار ،قوتابخانە ،یاریگا، مزگەوت.........)*<u>وێنەی ژمارە(٢)</u>*

– دیزاینی شەقام کە ئامادەبیّ بۆ پیادە (شۆستە , دار چاندن ,کەمکردنەوەی خێرایی ئۆتۆمبێل )

– لە هەندیّ شوێندا شەقام تەنها بۆ پیادە بیّ و بیّ ئۆتۆمبێل*<u>وێنەی ژمارە(٨)</u>*.

**٢. پەیوەندبوون (ڕایەلّە) <u>Connectivity</u>**

– تۆڕێکی شەقام و کۆلاّنی بەیەکەوە بەستراو کە ئۆتۆمبێل بلاّوبکاتەوە و ڕۆیشتن بەپیّ ئاسان بکات .

– زنجیرەی باریك بونەوەی هەرەمی شەقام و کۆلاّنەکان.

– تۆڕێکی شۆستەی کوالێتی بەرز کە ڕۆیشتن بە پیّ ئاسان و خۆش بکات .

### ٣. بەکارهێنانی تێکەڵ و هەمەجۆری (Mixed-Use&Diversty)

– تێکەڵەیەك لە بازاڕ و ئۆفیس و خانوو ئەپارتمێنت لە هەمان شوێندا ، بەکارهێنانی تێکەڵ لەناو گەڕەك و بلۆك و بیناکان

– هەمەجۆری خەڵك– لە تەمەن ،ئاستەکانی داهات (Income)،ڕۆشنبیری ،لە هەمان جێگەدا.

### ٤. نیشتەجێ کردنی تێکەڵ(Mixed Housing)

کۆمەڵێك خانوو یا شوێنی نیشتەجێ کردنیnزیك لەیەك و جیاواز لەجۆرو قەبارەو نرخ ،بەو واتایەی گەڕەك و کۆڵانەکان تایبەت نەکرێن بۆ چینێکی دیاری کراو لەخەڵك.

### ٥. کوالێتی دیزاینی شارستانی و تەلارسازی(Quality Architect) :

گرنگی دان بەجوانی وئاسودەیی مرۆڤــ و،خولقاندنی هەست کردن بەشوێن بەجۆرێك کەدیزاینی تەلارسازی و جوانی دەوروبەر, ببێتە خواردن و ئاسودەیی گیانی  یا ڕوحی مرۆڤەکان لەو شوێنانەدا.

### ٦. ستراکچەری باوی گەڕەك و کۆڵانەکان (Traditional Neighborhood Structure)

– سەنتەرو قەراغ شاری بەرچاوو ئاشکرا.

– شوێنە گشتیەکان لەسەنتەرا بن .

– گرنگی نەوعیەتی شوێنە گشتیەکان و شوێنە گشتیەکراوەکان کە دیزان کرابن بەشێوازێکی جوان وەك هونەرێکی شارستانی.

– گەیشتن بە شوێنەکان بە ٥–١٠ خولەك بەپێ .

– پلان دانان بەو پێیەی چڕی و قەرەباڵغی لەسەنتەرەوە بەرەو دەرەوەی شار کەم ببێتەوە،واتە لە زۆنی زۆر چڕی سەنتەری شارەوە ووردەووردە تا دەگاتە زۆنی سروشتی(Natural Zone) هەروەك لە وێنەی ژمارە(٤و٥) ، لەڕاستەوە بیناکان ڕووبەریان زیاترە تا ئەگاتە ئەوەی بە یەکجاری نامێنێ و ئەبێتە دارستان و دیمەنە سروشتیەکان.

### ٧. چڕکردنەوەیازیادکردنی چڕی(Increased Density)

– بۆ ئاسان کردنی ڕۆیشتن بەپێ،بینا و ماڵ و بازاڕ و خزمەت گوزاریەکان نزیك بکرێنەوە لەیەك ،تا چاکتر خزمەت گوزاریەکان بەکار بهێنرێت و شوێنی گونجاو خۆشتربن بۆژیان .

### ٨.گواستنەوەی زیرەك<u>*Smart Transportation*</u>

– تۆڕێکی کواڵیتی بەرزی شەمەندەفەر،<u>*وێنەی ژمارە(٦)*</u>، کە شاروشارۆچکەو گەڕەکەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە.

– دیزاینی (هاوڕێ ی پیادە) کە زیاتر هاندەر بێت بۆ بەکارهێنانی پاسکیل و ماتۆری کارەبایی و ڕۆیشتن بەپێ لە گواستنەوەی ڕۆژانەدا<u>*وێنەی ژمارە(١)*</u>.

### ٩.بەردەوام بوون لەگەشەپێدانیشیاو<u>*Sustainability*</u>

– کەمتر کردنەوەی کاریگەری ژینگەیی پەرەپێدان و کارەکانی.

– تەکنەلۆجیای هاوڕێ ی ژینگە،ڕێزگرتنی ژینگەو سیستەمە سروشتیەکان.

– کەم کردنەوەی بەکارهێنانی سووتەمەنی(<u>*Fuel*</u>)

– زۆرکردنی بەرهەم هێنانی خۆماڵی.

– کەم کردنەوەی لێ خوڕین و زیاترکردنی ڕۆیشتن بەپێ.

## سودەکانی نیوئەربانیزم

### ١. سوودی بۆ هاووڵاتی:

کواڵیتی بەرزتری ژیان،شوێنی باشتر بۆ ژینوئیشویاری،کەمتر لێ خوڕین و کەمتر جەنجاڵی هاتووچۆ،ژیانێکی تەندروست تر،بە زۆرتر ڕۆیشتن و کەمتر سترێس و خەفەت،تێکەڵاوبوونی زیاتری کۆمەڵگاو زیاد بوونی بەها مرۆییەکان کاتێك مرۆڤەکان بەپێ ئەڕۆن و زیاتر یەکتر ئەبینن.ئازادیەکی زۆرتری منداڵ و پیر بۆ گەیشتنیان بە خزمەت گوزاریەکان و شوێنی حەوانەوە بەبێ یارمەتی کەسانی تر.گێڕانەوەی پارەیەکی زیاتر بۆ هاوڵاتیان بەوەی کەمتر لێ ئەخوڕن و کەمتر ئۆتۆمبێلیان ئەوێ.کەم کردنەوەی بەهەدەردانی سامانی ووڵات بە کەم کردنەوەی پەرشوبڵاوی ڕێگاوبان و خزمەت گوزاریەکان.

### ٢. سوودی بۆ کۆمپانیا و خاوەن پیشەکان:

زیاد بوونی فرۆشتن بەهۆی زیاتر بە پێ ڕۆیشتن و کەمتر سەرف کردن بۆ ئۆتۆمبێل و بەنزین ، کەم سەرف کردن لەسەر ڕێکلام کە بە قازانج دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکان.

### ٣. سوودی بۆ خاوەن بیناو پرۆژەکان:

بەهۆی چڕی دانیشتوانەوە بەکرێ دان زیاتر ئەبێ و نرخی بیناو پرۆژەکان بەرزتر ئەبێتەوە.

کەم کردنەوەی نرخی تێچووی بیناکان بەکەم بوونەوەی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و کەم بوونەوەی ئەرك لەسەر ڕێگاوبانەکان.

### ٤.سودی بۆ شارەوانیەکان و حکومەت :

کەمتر سەرف کردنی بودجە لە خزمەت گوزاریەکان بە بەراورد بە شێوە ئاسایی یەکەی ئێستای (کەم کردنەوەی ڕاکێشانی ئاو ، کارەبا ،ئاوەڕۆ ،شەقام ....) و بە کارهێنانی ئەم بودجەیە بۆ پرۆژەی تر...

کەم بوونەوەی دزی و تاوان ،بە هۆی هاتوچۆی بە پێ ی هاولاَتیانەوە ،سەرئەنجام ژمارەیەکی کەمتر پۆلیس پێویستە ،ئاسانی دامەزراندی گواستنەوەی گشتی بۆ ئەو شوێنانەی نیەتی و پەرەپێدانی لەو شوێنانەی هەیەتی ، ئاسانتر و باشتر بەڕێوەبردنی شار و شارۆچکەکان بە هۆی کەمتر بلاَوبونەوەی .

### ڕێگاکانی جێ بەجێ کردنی ئەربانیزمی نوێ :

باشترین ڕێگا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەربانیزمی نوێ بریتیە لە پلان دانان ،لەگەڵ نوسینەوەی بە شێوەی ڕۆن کردن و کۆدی برەو پێدان (Development Codes)وە باشتر وایە لە سەر هەموو ئەم ئاستانە پلانی بۆ دابنرێ :

- بینای تەنها
- بینای کۆمەڵ
- بلۆك
- گەڕەك
- تۆڕی گەڕەکەکان
- شارۆچکەکان
- شار
- ناوچەکان یان هەرێمەکان

تەکنیکی پلان دانان بۆ هەرێمەکان زیاتر بەکار دێ بۆ کۆنترۆڵ و شێوەی گەشە کردنی شار وشارۆچکەو گەڕەك و دێهاتەکان بۆ ئەوەی چڕتر بکرێنەوە و بەربەست بن لە بەرفراون بوونی یان بە جۆرێك ڕێگر بێ لە جەنجاڵی زیاتر و تێکچونی ژینگە کە بە شێوەیەکی گشتی بەستراوەتەوە بە گەشە سەندنەوە ، هەر ئەم هۆکارانەیە وای لە حکومەتی چینی کردووە کە ڕوو بکاتە گواستنەوەی سەوز یا هاوڕێ ی ژینگە چونکە دواڕۆژێکی باش بۆ ئۆتۆمبێل و نەوت نی یە بەڵکو بۆ گواستنەوە ژینگە پارێزەکانە، وەك شەمەندەفەری خێرا،*وێنەی ژمارە(٦)*، بۆیە لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوو دا (١٥٠) بلێۆن دۆلار لەو بوارە دا سەرف دەکات ،زیاتر لە (٨٠٠٠) کیلۆمەتر نوێ ترین شەمەندەفەری خێرا دروست ئەکات . جگە لە وەش (٣٦) سیستەمی میترۆی نوێ بنیاد دەنێت کە هەر یەکەیان تەواوی شارێك دەگرێتەوە . میترۆسیستەمی شاری شەنگەهای کە ئێستا لە کاردایە گەورەترە لە میترۆ سیستەمی شاری لەندەن ،ئەم پرۆژە زەبەلاح وخێرا و هاوڕێ یژینگەیەی گواستنەوە، کە چین بنیادی ئەنێ ، هاو شێوەی نی یە لە جیهاندا و چین ئەگۆڕێ بۆ ولاتێك کە تا ڕادەیەکی زۆر بەکارهێنانی نەوت و ئۆتۆمبێل کەم بکاتەوە و گەشەپێدانە ئابووری و کۆمەلایەتی یەکان ،ژینگە نە شێوێنێ .

بەلام ئێستا لە شارەکانی کوردستان،بەپێچەوانەی ئەو بنەمایانەوە کار دەکرێ کە بەرچاوترین لەم خالانەی خوارەوەدا کۆدەکەینەوە :

–شۆستەو و شەقامەکان ئاسانکاری و ئامادەیی تیانیە تا هاولاتیان بە پێ بڕۆن ،بەڵکو ئەوەی بونیشی هەیە یا زۆر کەمە یان لە لایەن هاولاتیان خۆیانەوە داگیر کراوە و شارەوانیش بێ دەنگی هەلبژاردوە و چاو پۆشی دەکات لەو هەموو زیادەڕەویانە، وەك ئیش کردن و دانانی کەلوپەل لەلایەن دوکاندار و خاوەن پیشەو مالان لەسەر شۆستەکان و دروستکردنی قادرمە و ڕەمپەی گەراج لەسەریان،بەو هۆیەوە هاولاتی ناچار ئەبێت بچێتە سەر شەقامەکان و مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆی و گرفت بۆ هاتووچۆش دروست بکات .

– کەم بوونەوەی یان نەمانی گواستنەوەی گشتی بۆ زۆربەی گەڕەك کۆلانەکان و بە پێچەوانەوەشەوە زیاد بوونی گواستنەوەی تایبەت، بەمەش ڕۆژ بە ڕۆژ پیس بوونی ژینگە و جەنجالی گواستنەوە لە شارەکاندا ڕوو لە هەلکشانە .

–زیادە ڕەوی لە بیناکردنی پارچە زەوی گەورەوخانووی تەنیا کە مەبەستمان ڤێلاکانە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمی هاولاتیان سودی لێ وەر ئەگرن و ڕووبەرێکی زۆریش داگیر ئەکەن.

-مۆدێلی زۆربەی شاروشارۆچەکانمان مۆنۆسێنتەرە( Mono centric model)(واتە هەموو ئیش و کارەکان لەیەك سەنتەردا کۆدەبێتەوە)لە بڕی ئەوەی ،وەك چارەسەرێك، شارەکان بەرەو پۆلی سێنتەر بەرین ( Poly centric model)،*وێنەی ژمارە(٣)*،کەتیایدا ئیش و کارەکانی شار بۆ زیاتر لە چەند سەنتەرێکی پێکەوە بەستراو بڵاودەکاتەوە .هێندەی تر سەنتەری شارەکان ئاڵۆز و چەنجاڵ کراوە بە بینای بەرز و شوێنە بازرگانی و پزیشکیەکان کە بنەماکانی تەلارسازی و کۆدەکانی ئەندازیاری وگرنگی دان بەجوانی وئاسودەیی مرۆڤـــیتیا بەدی ناکرێ .

لەکۆتاییدا هیوادارم هەموولایەك هەست بەو مەترسیە گەورەیە بکەن کە لەسەر سەرچاوە سەرەکیەکانیژینگەی کوردستانە ( ئاو . زەوی . هەوا .....) وە پاراستن و باش بەکار هێنانیان کاریگەرترین هۆیە بۆ پاراستنی ژینگەی شارەکانی کوردستان وئاسودەییهاوڵاتیان.





VIRGINIA, USA

ئەندازیار شۆڕش سلام مصطفى

–سالّی ١٩٨٤ کۆلێجی ئەندازیاری بەشی تەلارسازی تەواوکردووە لە زانکۆی موصل

–سالآنی ١٩٨٧ تا ١٩٩٠ لە سلێمانی و هەولێر کاری دیزاین وکۆنتراکتەریی  کردووە.

–سالآنی ١٩٩١ تا ١٩٩٦ ئەندازیاری کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان  و(KRA) ،ئەندامی کۆمیتەی بالآی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بووە ،لەو ڕێیانەوە بەشداری ئاوەدان کردنەوەی کوردستانی کردووە.

–لەکۆتایی سالّی ١٩٩٦ چووە بۆ ئەمەریکا و تا ئێستا نیشتەجێی ئەویٚ یەو هەرلەویٚ لە کۆمپانیای جیاجیاداکاری کردووە ،وەك کۆمپانیای*CTI Consultants, Inc. (CTI)*کە کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری ئەندازیاری یە.








وێنەی ژمارە(٢) وێنەی ژمارە(١)






SMART CODE (PLAN&ELEVATION) PICTURE ٤



وێنەی ژمارە(٥)



وێنەی ژمارە(٦)




وێنەی ژمارە(٧)



وێنەی ژمارە(٨)

***R E F R E N C E S***

*-The Birth of City Planning in the United State……by Jon A. Peterson*

*-Urbanism in the age of Climate change……….by Peter Calthorpe*

*-http://www.cnu.org*

*-http://www.newurbanism.org*

*-http://en.wikipedia.org*